# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٥-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ی ١٣٩٩-فێڤریێ ٢٠٢٠


# یادی ٥١ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە



## زیندان،موقاومەتی ژنان ل٤




## ڕۆژی جیهانیی ڕێگری لە کەمئەندام کردنی ژنان ل٥



## جەنایەتێک، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا ل٦






## ڕەشبگیری چالاکانی مەدنی لە کوردستان ل٨




## ئایین و ڕۆڵی سیاسیی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا ل٧



## کایە کردن بە گیانی مرۆڤ لە کێبەرکێی نێوان شیرکەتەکان ل٦

سەروتار

# یادی ٥١ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە

**دەقی ووتەکانی هاورێ ئیبراهیم عەلیزادە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە کە بە شێوەی ئان لاین لە تەلەویزیونی کۆمەڵە و لە تۆرە کۆمەڵایەتیکانەوە بلاو بۆەوە.**

کۆمەڵانی خەلکی کوردستان

بە بۆنەی یادی ٥١ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە و ٤٢ ساڵەی داگیرسانی مۆمی ئاشکرابونی ، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە تێکۆشەرانی ڕێبازی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەکەم، سلاو بۆ هەموو ئەوانەی کە لە پێناوی ئەو ڕێبازەدا، لەهەموو سەنگەرەکانی خەبات، لەمەیدانی نەبەردی پێشمەرگانە و یا لەزیندانەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان بەخت کرد. سڵاو بۆ بنەماڵەی خۆڕاگر و سەربەرزیان. سڵاو بۆ یادی کاك حەمەحۆسینی کەریمی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە ئەو ڕۆژە هاوکاتە لە گەڵ ڕۆژی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزە،

سڵاو بۆ هەموو ئەوانە ی کە لە ریزەکانی ئەو ڕێبازەدا بریندار و کەم ئەندام بوون و یان بەشێك لە تەمەنی خۆیان لەزیندانەکان و ئەشگەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامیدا تێپەر کرد، سڵاو بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان کە بەهەموو شیوەیەك پشت و پشتیوانی کۆمەڵە بوون و لەو پێناوەدا لە بەخت کردنی گیان و لە ماڵ درێغیان نەکرد.

بەرێزان!

ساڵی رابردوو یەکێك لە ساڵەکانی سەخت و دژواری پڕ لە ئێش و ئازار لە ژیانی کۆمەڵلانی خەلکی کوردستان و هەموو ئیران دا بوو. ئەم ساڵە بە نەخۆشی کرۆناوە دەستی پێکرد، ئەو نەخۆشیەی کە جیهان و مروڤایەتی توشی وەها کارساتێکی کۆمەڵایەتی کرد، کە ئاسەواری بە سەر ژیان بەشەر و ئەو قەیرانانەی بەدوای دا دێت بەو ئاسانیە و بەم زووانە ناسرپەتەوە.

بەڵام لە ئیرانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامیدا، سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئازارەکانی ئەم نەخۆشیەی بۆ جەماوەری خەلکی ئیران بە چەند قات زیاتر کرد:

لە سەرەتاوە کاریان بۆ گواستنەوەی کرۆنا لە چینەوە بۆ ئیران لە ریی گەشتەکانی ماهان ایرەوە ئاسانترکرد. کە ماجەراکانی هەموان دەزانن.

ئەو جار راستیەکانیان لە خەڵك شاردەوە و کۆسپیان خستە سەر ریگای بڵاوبونەوەی زانیاری پێویست. ئەو زانیاریانەی کە دەیانتوانی کاریگەر بن لە کەمتر بڵاو بونەوەی زیاتری ئەو پەتایە. بەم جۆرە ئیرانیان کرد بە یەکێك لە ناوەندە پڕ مەترسیەکانی ئەو پەتایە.

لە سەرەتاوە قەرەنتینەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراویان بۆ دانەنا و لێی گەران پەتاکە لە شاری قومەوە بە هەموو ئیراندا بڵاو بێتەوە و خەڵك پێوەی سەرقاڵ بێت.


**دریژە ی ل٢**


مالپەرە حیزبیەکان:

**پەیام سایتی سیاسی هەواڵنیری**/ www.payaam.net

**حیزبی کومونیست ئیران**/ www.cpiran.org

**کومە لە**/ www.komalah.org

**تشکیلات خارج کشور**/ www.k-kh.org

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٥-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ی ١٣٩٩-فێڤریێ ٢٠٢٠

### دریژه ی سەروتار:

# یادی ٥١ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە



**دەقی ووتەکانی هاورێ ئیبراهیم عەلیزادە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەکە بە شێوەی ئان لاین لە تەلەویزیونی کۆمەڵە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیکانەوە بڵاو بۆەوە.**

کاتێکیش که باسیان له قەرەنتینه کرد، ئامادە نەبوون باجێکی بۆ بدەن. کرێکاران و خەڵکی فەقیر و هەژاریان سەرپشك کرد لە مابەینی لە قەرەنتینەدا مانەوە و لەبرسا مردن و یان تۆشبوون بە کرۆنا. بە پەرە پێدانی سیاسەتی ئەتومی و موشەکی لە سەر حیسابی ژیان و بەرێچونی خەلك بارودۆخێکیان خولقاند کە توندترین سزای ئابوریان لە لایەن ئامریکاوە بە سەر ئێراندا بسەپێ و بەم جۆرە جەماوەری خەڵك برسی تر و بێ ئەنوا تر بن. پارەکەیان بایەخی نەما و هەژاری و بێکاری پەرەی سەند.

گەندەلی و فەساد بە خێرایەکی سەرسوور هێنەر هەموو دەزگای دەوڵەتیان داگرت.

دەزگای قەزایی رژیم کە قەرار بوو بە گژ گەندەلی دا بچێتەوە دەرکەوت کە خۆی لە گەندەلترین بەشەکانی دەسەلاتە.

نان و معیشتی خەلکیان بە بارمتە گرت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بۆ دابین بونی ژیانێکی مەمرە و مژی، بەردەوام موحتاجی دەستی دەسەڵات بن.

بەم جۆرە بوو کە ساڵێکی سەخت و دژوارمان تێپەر کرد. بە هەمووی ئەوانەوە جەماوەری خەڵك لە ئیران و لە کوردستان بەرانبەر بەم بارودۆخە ورەیان بەرنەدا، ایعتیراز و نارەزایەتی دەربریانیان نەوەستاند. بە تایبەت لە کوردستان شاهیدی دیاردەیەك بووین کە ریشەی لە مێژووی کوردوستان دایە. لە کاتی پەرەسەندنی نەخۆشی کرۆنا دا، بە خەمی یەکترەوە بوون، پێکهێنانی کومیتەهایەك لە ئاستی گەرەك و شار، هەروەکوو چۆ ن لە کاتی سیلاو و بومەلەرزە، تەجروبەیان کردبوو. ئەو دیاردەیە ریشەی لە ئەزمونی مێژوویی بنکەکانی شاری سنە، جەمعیەتەکان ، یەکێتی جووتیاران دابوو.

بەرێزان!

ئەوە راستە کە رژیمی ئیران لە ژێر زەختی ئابوری و سیاسی دەولەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی دایە، بەلام ئەوەی کە بە توندی لێی نیگەرانە و کابوسی پێوە دەبینێ سەرهەڵدان و راپەرینی جەماوەریە. لەوانەیە بتوانێ رێگەیەك بۆ هێور کردنەوەی زەختی دەرەکی ببینێتەوە، سازانێك بکات و کێشەکە بۆ ماوەیەکیش بۆە لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام ناتوانێ وڵامی ئەو هەمۆە نەفرەت و بێزاریە بداتەوە کە لە دەروونی کۆمەلگای ئێران پنگی خواردۆەتەوە.

رژیم خەریکی ئامادەکاریە بۆ بەرەروو بونەوە لە گەڵ سەر هەڵدانی جەماوەری بەڵام چونکە بۆ ئەو مەبەستە ئامرازێکی نییە جگە لە توند و تێژی نواندن و سەرکوت کردن، هەر لەو جیهەتی دا خەریکی خۆ سازکردنە.

لە لایەکەوە هەوڵ دەدات وردە کێشەکانی ناوخۆی دەسەڵات یەك لاییکاتەوە و بەرەو ئەوە دەچێ میانە رەوەکان کە ئیتر ناتوانن چی تر خەلك بیننە بەردەم سندوقی دەنگدان لە دەسەلات بە تەواوی دوور خاتەوە و لە لایەکی دیکەوە هەولدەدات بۆ چاوترسێن کردنی خەلك، سیاسەتی سەرکوتگەرانەی خۆی رۆژ لە گەڵ رۆژ توند تر دەکاتەوە. ئەوە لە راستیدا حەرکەتی بە شێنەیی سپای پاسدارانە بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵات بێنێتە ژێر چنگی خۆی.

ئەوەتا لە کوردستان لە ماوەی کەمتر لە مانگێدا بە رەشبگیری نزیکەی ١٥٠هەلسوراوی تێکۆشانی چالاکی مەدەنیان دەست بە سەر کردۆە. بە دەیان کەسیان لە سیستان و بلۆچەستان ئیعدام کراون، زێندانیان سیاسی و مەدەنی لە تاران و شارەگەورکانی دیکەی ئیران ، بەردەوام لە ژێر زەخت دان.

لە کوردستان هەڵاواردن و ستەمی نەتەوایەتی زیاتر لە هەمیشە لە ژیانی ئابوری و نان و مەعیشەتی رۆژانەی خەڵك دا رەنگی داوەتەوە. کۆماری ئیسلامی تە نانە ت لە ژێر بە رقی سهرهنێزهی هێزه چه کدارهکان و سوپای پاسدارانیشدا ئامادە نییە لهم ناوچە یە دا سە رمایە گوزاری درێژماوە بکات. خزمهتگوزاری گشتی لە نزمترین ئاستی خۆیدایە و کهمترین رێژهی بوودجهی گشتی بۆ بیهداشت و بیمە کۆمە لایە تیە کان لە ئۆستانە کانی کوردنشینی رۆژئاوای ئێران تهرخان دهکرێت. رێژهی نە خوێندە واری لە کوردستان هە روا لە چاو شوێنە کانی دیکە ی ئێران لە بانترین ئاستی خۆیدایە.

جە نگە ڵە کانی زنجیرە کێوی زاگرۆس لە رۆژئاوای ئێران بە ردە وام لە ئاوردا دە سووتێن و یان بە هۆی سیاسە تی نامە سئولانە لە بە ردهم تێداچووندان و هیچ کاردانە وهی هك لە لایە ن رژیمە وە بۆ ئهو مە بە ستە نابینرێت.

دەیان هەزار لە لاوانی بێکار لە کوردستان روویان کردۆتە کاری کۆڵبە ری لە سە ر سنوورە کان. رێگای هاتوچۆی کۆڵبهرانی زە حمە تکێش کە تە نیا سە رچاوە ی بە رێچوونیان هە ڵگرتنی کۆ ڵێکە کە لە م دیوی مە رزە وە بۆ ئە ودیوی دەی گۆازنەوە، مین گوزاری کراوە و سە رە ڕای ئە وە رۆژانە دە درێنە بە ر ڕێژنە ی گوللە و ساڵانە دهیان کە سیان گیان لە دهست دە دە ن و سە دان کە سیان کە م ئە ندام دهبن.

لە بە ردە ست بوونی بە ئاسانی مەوادی موخدیر بە هۆی بهشداری سوپای پاسداران لە م بازرگانیە جە نایە تکارانە یە دا رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر لاوانی بێکار، بێ بەش و بێ ئاسۆ بەرەو موعتاد بوون پاڵ پێوە دەنێت. کە چەندین ئازاری کۆمەلایەتی بە شوێنەوەیە. حاشیە نشینی لە شارهکانی کوردستان زۆری پە رهی سە ندووە. حاشیە نشینان بنە ماڵە گە لێکی دە ستکورتن کە لە سهرهتایی ترین خزمە تگوزاری شاریی بێبهشن و گهلێك جاریش دهکهونە بهر هێرشی مهئمورانی شارهداری و سە رپهنای هە ژارانهیان بە سە ردا دهڕووخێنن.

وە لامی کۆمە لانی خە لکی کوردستان بهم بارودۆخە دژواە ی بە سە ریاندا سە پاوە دەتوانێ چی بێت غەیری خەبات و خۆراگری؟ ئێمە لەو پێناوەدا ئەرکەکانی خۆمان دەناسین و بە هەموو تواناوە لە کاری بەرێوە بردنیان داین.

بەڵام بەرێزان!

بۆ بەریوە بردنی هەر ئەرکێك هێز پێویستە و سەرچاوەی هێزیش لە رێکخستن دایە. بەڵام رێکخستن لە بۆشاییدا دروست نابێت، ئەگەر قسە لە پێکهێنانی رێکخراوی جەماوەریە، ئەوە لە رێگەی خەباتی بەردەوامی جەماوەردا مەیسەر دەبێ.

ئەگەر قسە لە رێکخراوی حیزبیە لە هەر بارودۆخێك دا پێك هاتبێ، نەك بە ئیرادە بەلکوو لە خاڵە حەساس و وەرچەرخانە مێژوویەکاندا دەتوانێ جەماوەری بێەتەوە. لە بەر تیشکی وەها بۆچونێك دا چەند ئەولەویەتێکی سەرەکیمان لەبەردەست دایە. کە باس لە پێویستی رێکخستن بۆ بەهێزتر بوون دەکەین دیارە لە سەرووی هەموانەوە پتەوکردنی یەکگرتوویی ناو خۆی ریزەکانی کۆمەلەیە، پەرەپێدانی تەشکیلات لە ناوەوەی وڵات، و هەروەها لە دەرەوەوە وڵاتیش، و لە نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە و لە ناو ریکخراوی عەلنی مان لە هەرێمی کوردستان.

لە پاڵ ئەوەدا پێویستە کۆمەڵە دەوری خۆی ببینێ لە بوون ببێ بە هەوێنی لێك نزیك بونەوەی هەموو زەرفیەتەکانی سوسیالیستی و کمونیستی لە کوردستان ، ئەوانەی کە پەرەوازە بوون، پرژ و بڵاون و یان هێشتا نەهاتونەتە ناو بازنەی خەباتی سیاسی ریکخراوەییەوە. دیارە سالێك لەوە پێشیش هەر لەم رۆژەدا ئەو بانگەوازە درا، لە ماوەی ئەو یەك ساڵە دا هەر چەند بە هۆی هێندێك گیرو گرفتی ناوخۆیی، ئەو بانگەوازە هێشتا بە ئاکامی چاوەروانکراوی خۆی نەگەیشتۆە، بەڵام ئیمە دڵنیاین وەلامی پێویست وەردەگرێتەوە. ئیمە لە سەر ئەو جیهەت گیری سورین و تا بە ئاکامی دڵخواز گەیشتن لە سەری بەردەوام دەبین.

کوردستان خاوەنی هێزێکی بەرین لە تێکۆشەران و هەلسوراوانی سیاسی و مەدەنیە کە خۆیان لە بەرەی چەپ و سوسیالیست دا دەبیننەوە. لەم سالانەی دواییدا دەور و نەقشی ئەوانمان بە تایبەت لە بوارەکانی چالاکی مەدەنی و فەرهەنگیدا، لە هونەر وئەدبیاتی پێشرەودا، لە بەهانەوە چونی خەلك لە کاتی کارەساتە سروشتیەکاندا، تەنانەت لە چەند خۆپیشاندانی جەماوەریدا دیتوە. کۆمەڵە لە کوردستان لەو زەرفیەتە بەهرەمەندە کە هەموو ئەوانە لە دەوروبەری خۆی و یان تەنانەت لە ناو خۆیدا کۆ بکاتەوە.

دیارە ئەمە پرۆژەیەك نییە بۆ یەکگرتنەوەی ئەم حیزب و ئەو حیزب. حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی ناسراو لە کوردستان، هەرکامەیان بەرنامە و رێبازی سیاسی خۆیان هەیە و زۆر ئاساییە کە کوردستان ئیران کە کۆمەلگایەکی ووشیار و لە رووی سیاسیەوە پێشکەوتۆە، هەموو ئەو حیزبانەی تێدا بێ. پێویستی و زەرورەتی هاوکاری کردنیان جێگەی خۆیەتی و بابەتیکی دیکەیە.

لە پاڵ ئەوەدا ئەولەویەتێکی دیکەمان، بە هێزکردنی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستانە لە هەموو رویەکەوە. لە ناو ئەو ریزە ئەرکەوە کە لەم بابەتەوە دەکەوێتە سەرشانمان، مەحکەم کردنی پێگەی کۆمەلە لە خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی گرینگیەکی تایبەتی هەیە. کۆمەڵە نابێ هیچ بۆشاییەك لەم بابەتەوە بە جێ بهێڵێ. بەرنامە و ستراتێژی کۆمەڵە و پەسندکراوە تاکتیکیەکانی کۆمەڵە لە کۆنگرەکان و پلێنۆمەکانیدا بۆ ئەو مەبەستە رێ نیشاندەرن. لەو چوارچیوەیەدا بۆ ئەوەی هەموو هیزو وتوانای خەباتکارنەی حەلکی کوردستان، یەکگرتوانە بە گژ رژیمی ئیراندا بچێەتەوە، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێ ئەو رژیمە لە ناکۆکیەکان و کەلین و کەلەبەرەکانی ناو کۆمەلگای کوردستان بە ئامانجی زەربە لێدان لە خەباتی خەلکی کوردستان کەڵك وەربگرێ ، هەوڵدەدەین کە هیچ دەرفەتێك بۆ کاری هاوبەش و یەکێتی کردەوە لە گەڵ حیزبە سیاسیەکانی چالاك لە کوردستان ، کە مەجال و ئیمکانی هەبێ، لە دەست نە دەین.

بەرێزان !

سەبارەت مەسەلی کورد وکوو یەکێك لە کێشە چارەسە نەکراوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست پێویستە ئەو راستیە بزانین کە بزوتنەوی خەلکی کورد بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، لە بارودۆخێکی هەستیار و تەنانەت پڕ مەترسی دایە. رەواندنەوەی مەترسیەکان پرۆژە جیدی و کاری هاوبەش و بەرچاو روونی لە ئاستێکی جەماوەریدا دەوێ.

لە هەرێمی کوردستان شوڤینپەکانی دەسەڵاتدار لە بەغدا، سەرەرای کۆلێك ناکۆکی و تەفرەقەی نێوانیان، لە سەر زەخت خستنە سەر هەرێمی کوردستان سورن و بەردەام هەوڵ دەدەن بازنەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بەرتەسك تر کەنەوە. قووتی رۆژانە خەڵك بکەنە ئامرازی زەخت بۆ ئیمتیاز وەرگرتن. دەولەتی تورکیە بە شێك لە خاکی هەرێمی کوردستانی داگیر کردۆە و خۆی بۆ داگیر کردنی شەنگاڵ و چەند شوێنی دیکەش ئامادە دەکات. لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش دا کەلێنی نێوان جەماوەر و دەسەڵات بەردەوام قوولتر دەبێتەوە و خەلك و دەسەڵات لە یەك نامۆتر دەبن.

ئەو هێزە جەماوەریەی کە دەی توانیێ ئەو فشارانە پووچەل کاتە بۆ ئەم مەبەست لە مەیداندا نییە.

لە رۆژاوای کوردستان سرنجی زلهێزەکان و هێزە هەرێمیەکان چۆتە سەر سەقامگیر کردنی دەوڵەتی سوریە . هێزەکانی رۆژئاوایان خستۆتە ناو بەرداشی دوو دەولەتی تورکیە و سوریە . دەوڵەتی تورکیە خەریکی سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی خۆی بۆ درێژ ماوە لە ناوچە داگیرکراوەکانی رۆژئاوای کوردستانە. بیمارستان و مەدرەسە و زانکۆ و خوێندن بە زمانی تورکی دادەمەزرێنیێ. تورك زمانەکان لەو شوینانە نیشتەجێ دەکات و تۆوی تەفرقەیەکی درێژماوە دەچێنیێ. هەموو نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە خەیالی چوڵ کردنی ئەو ناوچانەی نییە. بەڵام ئەو پرۆژەیە بە بەرچاوی زلهێزەکانەوە بەریوە دەچێ و هەر هیوایەك بەوەی کە ئەوان فریارەسی خەڵکی کورد بن بێ بنەمایە. ئۆمید ئەوەیە کە بزوتنەوەی رۆژاوا دەسکەوتە کۆمەلایەتیەکانی تا ئێستای بپارێزێ و پەرەیان پێبدا، بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتانە ببن بە دەسمایە بۆ قۆناغەکانی دیکەی خەباتیان، کە بێگومان لە رێدا دەبێ.

لە تورکیە پارلمانتارەکان، شارەدارە کوردەکان، دەخەنە زیندانەوە، کوردستانیان بە تەواوی میلیتاریزە کردۆە، چالاکانی مەدەنی تیرور دەکەن. تەواوی زەختی یەکێتی ئوروپا نەیتوانیوە تەنانەت سەلاح دین دمیرتاش رێبەی حیزبی عەلەنی و قانونی هادپ کە بە نارەوا کەوتۆتە زیندان رزگار بکات.

لە ئیران بە کورتی باس کرا. بزوتنەی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستان ئەگەر لە بزوتنەوەی پێشکەوتن خواز و پێشرەو لە ئیران دابریێ، هەر دەسکەوتێکیش کە بە دەستی بێنیێ کاتی و ناسەقامگیر دەبێ.

ئەو بارو دۆخە کاتێك مەرسیدارتر دەبێ کە شاهیدی جۆرێك لە هاوئاهەنگی بەکردەوە و تەنانەت بە رەسمیش لە نیوان چوار دەوڵەتی داگیر کەری کوردستانین. ئەوان سەرەرای هەر ناکۆکێکیش کە هەیانە، کاتێك دەگەنە مەسەلەی کورد ناکۆکیەکانیان وەلا دەنێن و هاوئاهەنگ عەمەڵ دەکەن. بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانیش ئەولەویەت گرێدانی بەرژەوندی خۆی بە بەرژەوەندی دەوڵەتەکانەوەیە و هەرچەشنە هیوابەستنێك بە دەست تێوەردانی ئەوان بە قازانجی مەسەلەی کورد، بێ



بنەمایە. ئەو بارودۆخە پێویستە بە وردی لەبەر چاو بگیرێ، سیمنیار و کۆر و کۆبونەوەی زانستیانەی بۆ بەریوە بچێ و ئاگاهی و وشیاری جەماوەری بۆ پێك بێت و سەرئەنجام هاوئاهەنگی پێویست لە پێناوی رەواندنەوەی مەترسیەکان شکڵ بگرێ.

بەرێزان!

کۆمەلانی خەلکی ئیران لە رژیمی کۆماری ئیسلامی بێزارن و رووخانی ئەو رژیمە بە ئاوات دەخوازن و دیارە ئەوە ئامانجی ئیمەشە، بەلام نابێ چاوەروانی ئەوە بین کە هێزیك بەدەر لە ئیرادە و توانایی جەماوەری خەلکی ئەم ولاتە بێت و ئەو رژیمەمان بۆ بروخێنیێ، وەها رووداوێك ئەگەریش روو بدات ، دووپات بونەوەی سیناریوی عیراقە، کە کەس ئاواتە خوازی نییە.

رووخانی ئەو رژیمە ئەگەر فەرار بێ نان و ئازادی و ژیانی باشتر بۆ خەلکی ئەو ولاتە دابین بکات، لە جەرگی بارودۆخێکی شۆرشگیرانە دا رووەدات. کۆمەڵە پێویستە ئەو ووشیارییە و ئەو ئامادەیی لە خۆیدا پێك بێنیێ کە لە کاتی خولقانی ئەم بارودۆخەدا نەك هەر لە رووداوەکان دوانەکەویێ بەڵکوو تێیاندا دەوری پێشرە و رێ نیشاندەر ببینیێ. ئەو بارودۆخە کەی بوارە بابەتی و عەینیەکانی دەرەخسێ، لە ئێستاوە بە وردی قابیلی پێشبینی نییە.

بەڵام تا ئەو کاتە خۆ ژیان و خەبات راناوەستێن. خەباتی رۆژانەی کۆمەلانی خەڵك، بۆ نان، بۆ کار بۆ مسکن و بۆ گەلێك داخوازی حەیاتی دیکە بەردەوامە. هاورێیانی ئیمە لە ناوەوەی وڵات، لە ناوەندەکانی تەبلیغات مەرکەزیمان لە دەرەوەی وڵات، لە سەر تۆرە کۆمەلایەتیەکان، پێویستە دەوری چالاکانەیان هەبێ لە خستنە رێی ئەو جۆرە حەرەکەتانە و لە بەسەرکەوتن گەیاندنیان دا. ئەو حەرەکەتانە نابێ بە کەم بگیرێن سەرکەوتنی چکۆڵە دەبێتە پێگە بۆ سەرکەوتنی گەورە.

بەو مانایە دەبێ پالپشتی بزوتنەوەیەکی موتالباتی بەردەوام بین. لە جەرگەی بزوتنەوەیەکی موتالەباتی دایە کە پێشرەوان دێنە روو، زەرفیەتەکانی خۆیان دەناسێنن متمانەی جەماوەر بەدەست دێنن و دەرفەتەکانیش بۆ رێکخراو بوون دەرەخسێنن. لە هەمان کاتدا کە نانێك و ئاسودەیەکی وەلوو کەمیش بێت دێننە ژیانی خەلکی هەژارەوە.

بەرێزان!

کۆمەڵە وەکوو هێزێکی کۆمۆنیست ئەو بنەمایانەی لەدارشتنی ستراتیژی سیاسی خۆیدا رەچاو کردووە و لێبڕاوانە لەپێناویاندا تێکۆشاوە و تێدە کۆ شێ .

تایبەمندێەکانی کۆمەڵە کە لە جەرگەی زیاتر لە نیو سەدە خەبات دا شکلیان گرتۆە، دڵنیامان دەکات لە بەرەو پێش چونی ئەو ستراتێژە. نابێ رێگە بدەین ئەو تایبەتمندیانە کاڵ ببنەوە. کامانەن ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئەو توانایی بە کۆمەڵە دەبەخشن تا لە جەرگەی بارودۆخێکی ئالوزکاودا ، هەنگاو بە

هەنگاو مەسیری خۆی بەرەو سەرکەوتن ببرێ؟ با لەو مەجالەدا چەند دانەیکیان بیربخەینەوە:

- کۆمەڵە هێزێکی رادیکاڵە بە واتای ئەوەی دەست بۆ ریشە کێشە کۆمەلایەتیەکان دەبات. چارەسەری ریشەیان بۆ دەدۆزیەتەوە. رادیکاڵە چونکە خەبات دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان، هەوڵ دەدات بۆ ئازادی و بۆ خوشبختی هەموو کۆمەلگا.

- بەڵام کۆمەڵە ئەگەر رادیکاڵە ئیفراتی یان بە واتایەك توندرەو و ماجراجو نییە. رادیکاڵ ئەو هێزە نییە کە دروشمەکانی بریقە دارترن و یان خەون و ئاواتەکانی شیرین ترن، بەلکو ئەو هێزەیە کە رێگەی سەرکەوتن بە کەمترین ئازار و بەکەمترین تەلەفات نیشان دەدا. رادیکاڵ بوون بە مانای لە پەراوێزدا ژیان نییە بەڵکو هەرچەندی رادیکاڵ تر بێ قاعدەتەن دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتیت بەرین تر و بە هێز تربێ. نەك تەریك کەوتوتر و دابراوتر بێ.

- ئەگەر پێوەندی ئینسانەکان لە گەل یەکتر، تەنیا لە رووی نەزەرات و بۆچونکانیانەوە بێ، خۆ ئینسان ناتوانێ پێوەندی خۆی تەنانەت لە گەڵ دایك و باوکیشی ئەگەر ئیماندار بن ، تەنزیم کات. کومونیسم ئیفراتی گەری نییە، کومونیسم رێگاکە بۆ ژیان. پێوانەی هەلسەنگاندنی پێشرەوی کۆمەڵە ئەوەیە کە ئەو رێکخراوەیە لە کۆمەلگای کوردستان ئیعتبارێکی کۆمەڵایەتی بە سوسیالیسم بەخشیوە. و ئەوە تایبەتمەندێکی گرینگی کۆمەڵەیی بوونە.

- کۆمەڵە لە خاڵە وەرچەرخانە میژوویەکاندا تاقی کراوەتەوە . هەلوێستەکانی لە قۆناغی هەستیار دا متمانەی جەماوەری بە دەست هێناوە. نمونەکانی کەم نیین و لە بیرمان نەچونەتەوە. لە داهاتووشدا دیسانیش دەکەویەتە وەها قۆناغ گەلێکەوە. بەو پێشینەو بە عەقل و تەجروبە و زانستێك کە بەدەستی هێناوە، دڵنیام کە دەتوانێ سەربەرز و سەرکەوتوو بێتە دەرێ.

- کۆمەڵە هێزێکی مەسئولە، بەرپرسە بەرانبەر بە هەر دروشم و تاکتیکی کە دەیخاتە دەستوری کارەوە. هەر وەکوو چۆن شانازی بە سەرکەوتنەکانی دەکات، بەرانبەر بە هەڵە و لادانەکانیش خۆی بە ولام دەرەوە دەزانێت. کۆمەڵە ئەو جەریانە نییە کە بە حەق و ناحەق فەرمان ورێنوێنی دەربکات و بەرانبەر بە بەریوە نەچونیان وڵام دەرەوە نەبێت. هەڵەیەك لە بیر بەرێتەوە تا خۆ رانانێکی تر و هەڵەیەکی تر.

- بۆ کادری کۆمەڵە هەدەف وەسیلە پاساو ناکات. ئەگەر هەدەف و ئامانجەکەی ئینسانیە، وەسیلەیەکیش کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەکاری دێنیێ دەبێ ئینسانی بێت. واتە ئامراز و وەسیلە، رەفتار و هەلس و کەوتمان دەبێ لە جینسی ئامانجەکەمان بێت.

- کادری کۆمەلە، ئولگوو و نمونەیە. قسە و کردەوەی یەکە. لە هەلاواردن و تەبعیز بێزارە، راستگۆیە، ئینساندۆستە، عاشقی ژینگە و سروشتە. نەجیب وموئەدەبە. دەزانێ لە گەڵ رەفیقە پاڵدەستەکەی کاتێك موخالفیشی بێت جۆرێك بدوێ، نەی رەنجێنیێ.

- کادری کۆمەڵە ئینسانکی دەمارگرژ و موتەعەسیب نییە، دەرونێکی کراوەی هەیە. سوسیالیم وەکوو زانستی رزگار کردنی چینی کرێکار و هەموو کۆمەلگا فێر دەبێ نەك وەکوو کۆمەلێك فورمولّ کە رۆژێك لە رۆژان بیستویەتی و یان خوێندویەتیەوە . سوسیالیسم وەکوو زانستی زەمانە فێر دەبێ، بەردەوام لە حالی فیربوون دایە و خوێ نوێدەکاتەوە، نەك ئەوەی جێگەی ئایینی با بردووی بۆ پڕ کردبێەتەوە.

- کادری کۆمەڵە، تەفرقە ئەنداز نییە، وەحدەت بەخشە، لە هەرشوێنێك بێت گیانی یەککگرتنی ئوسولی و کارساز پەرپێدەدا، کادری کۆمەڵە خۆنەویست و فیداکارە. ئەو تایبەتمەندیانە پێناسەی مەکتەبی کۆمەڵەن و رەمزی خۆشەویستی ناو جەماوەرە و توانایی بەسیجی جەماوەری پێ بەخشیوە. کۆمەڵە بە پشت بەستن بە وەها کادرهایەکە کە سەرکهوتنی خهباتی خهڵکی کورد بو رزگاری لە ستهمی نە تە وایە تی و بۆ گە یشتن بە ژیانێکی ئازاد و یهکسان و مورە فە زە مانە ت دە کات.

ئێمە سەرەڕای هەر گرفت و دژوارێك کە لەرێ دایە بە داهاتووی ئەو خەباتە گەش بینین. سەرچاوەی ئەو گەش بینیەی ئێمەش لە باوەری قولّ بەهێزی لەبن نەهاتو و بەربەرینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و تێنۆی ئازادی دایە.

لە روژی کۆمە ڵە دا پە یمانی خۆمان لە گە ڵ گیانبە ختکردووانی ئهو رێبازە و هە موو خهڵکی تێکۆشە ری کوردستان، جارێکی دیکە نوێ دە کە ینە وە.

هە ر شاد و سەرفەراز بن

***

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٥-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ی ١٣٩٩-فێڤریێ ٢٠٢٠

# زیندان، موقاوەمەتی ژنان



زەینەب جەلالیان، بەندکراوی سیاسیی کورد کە حوکمی زیندانی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپاندووە، حەفتەی ڕابردوو لە پێوەند لەگەڵ بەردەوامیی هەوڵی ١٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی ئەم ژنە خەباتکارە، بە ئامانجی وەگرتنی ئیعترافی تێلێویزیۆنی لە دژی خۆی، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نامەیەك ڕووبە سەرانی کۆماری ئیسلامی نووسیی: "ئەی ستەمکاران چاوتان لێبوو و بینیتان کە ناکرێ بە قەتڵوعام، ئەشکەنجە و زیندانی کردنی ئێمە ژنان بەربە مافخوازیمان بگرن، کاتێك ژنێك جەوهەری ئاوێتەی ئازادی بووە، هیچ زوڵم و زۆرێك ناتوانێ بەچۆکی داهێنێ. من کاتێك بەو حەقیقەتە گەیشتم کە لە چنگی ستەمکارانی کۆماری ئیسلامیدا بووم. جلوبەرگیان لەبەردا دڕاندم، چاومیان بەست، دەست و پێمیان بە زنجیر، بە تەختێکی ئاسنینەوە بەست و ئەشکەنجەی خۆفناکی منیان دەستپێکرد. باوەڕم پێ بکەن، هەرچی ستەمکاران، زوڵم و ئەشکەنجەیان دژ بە من، توندتر بکەنەوە، بوێرتر و خۆڕاگرتر دەبم".

ئەم پاراگرافە کورتە تەنیا قسەی زەینەب جەلالیان نییە. ژنێك کە بە دەیان جار لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکیتر گواستراوەتەوە، و لە ڕێگەی کابل لێدان لەبەری پێ، مشت لە زگ دان، کوتانی سەر بە دیوار و هەڕەشەی دەستدرێژی، ئازار و ئەشکەنجە دراوە. لە ڕاستیدا، زەینەب یەکەمین بەندکراوی سیاسیی ژن نییە کە بە بێ حوکم و ملهوڕانە دەستبەسەر کراوە، بەڵکوو لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداریی ئیسلامیدا، بێ ڕێزی و سووکایەتی کردن بە بەندکراوانی سیاسی، بەتایبەت بەندکراوانی سیاسیی ژن، بەردەوام بووە. لە ئێعدامی بەندکراوانی دەیەی ٦٠ەوە بگرە تا سەرکوتی خوێناویی کوی دانشگاه، بەندکراوانی سیاسی لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ دژبە گاڵتەجاریی هەڵبژاردن، تا ئاخێزی ساڵی ٩٦ و ٩٨، هەر هەموویان هەڵگری گەلێك هەواڵ و ڕاپۆرت و بەڵگەن کە لە لایەن ژنانەوە بڵاوکراونەتەوە. ئەشکەنجە و جەنایاتێك کە لە دەیەی ٦٠دا دژبە بەندکراوانی سیاسی داسەپاوە، لە لایەن هێندێك لە بەندکراوانی ژن، بە شێوەی کتێب، نیگارکێشی، شێعر و شانۆنامە بڵاوکراونەتەوە. هێندێك لەو جەنایەتانە هێستاش شاهیدانێکی زیندوویان هەیە کە حەقیقەتی ژیانیان، خۆی، بەڵگەی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامییە. لە بنەماڵەی ژنانی خەباتکاری ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە کە هێتشا داخی دەستدرێژیەکانی بەر لە ئێعدامیان لە سینگ دایە، تا قوربانیانی باقیی ئاراستە سیاسیەکانی وەك موجاهێدینی خەلق و ڕەوتە جۆراوجۆرە چەپەکان.

نەسرین پەرواز، لە بەندکراوانی سیاسیی پێشوو و لە پاشماوەکانی کوشتاری ساڵی ١٣٦٧، نووسەری کتێبی "لە ژێر پنچکەکانی لالەعەباسی"، لە وتووێژ لەگەڵ ڕادیۆ فەردا، بەسەر هاتی خۆی لە ناو زیندانەکانی ئێران بەمجۆرە باس دەکات:"من خۆم ئەشکەنجە درام و لە پێ کەوتم، نەمدەتوانی بەرێگادا بڕۆم، من بەر لەوەیکە دەستبەسەر بکرێم لەگەڵ کچێك بەناوی یاس ئاشنا بووم. ١٤ ساڵان بوو کە لە ناو خۆپیشاندان‌دا دەستبەسەر کرا و ٣ پاسدار لە کۆمیتە تەجاوزیان پێکرد. ئەو بە منداڵی دووگیان بوو. ڕۆیشتم بۆ لای تا بیبینم و بۆ کورتاژ یارمەتیی بدەم. لە زیندان، لەگەڵ کچێکی دیکەش بەناوی ئاناهید ئاشنا بووم. ئاناهید کاتێك کە دەستبەسەر کرا ١٢ ساڵان بوو و کچە پوورەکەشی ١٤ ساڵان بوو. ئەوان لە قۆناغی لێپرسینەوەدا، لە دوو بەند دا بوون کە لە پەنا یەکتر بوون. بازجووەکە تەجاوزی بە کچی پووری ئاناهید کرد. ئەو دوو کچە کاتێك کە پاسدارەکان لەناو بەند دا نەبوون، لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد. کچەپوورەکەی بە ئاناهیدی دەکوت، کە دەمهەوێ خۆ بکوژم و تۆ نابێ ناڕەحەت بی. دەکوت کە تەجاوزم پێکراوە و چیتر نامهەوێ زیندوو بمێنم. ئاناهید خۆی بۆ منی گێڕاوە کە سەرتاسەری ئەو شەوە هاواری کردووە تا پاسدارەکان ئاگادار بنەوە و نەهێڵن کچە پوورەکەی خۆی بکوژێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و ئەو خۆی کوشتبوو".

ئەکرەم میرحسێنی، لێکۆڵەر، لەم بارەوە دەڵێ کە تەجاوز و دەستدرێژی، ڕەواڵی هەمیشە بووە لە ناو زیندانەکاندا و ئەم کردەوەیە، زیاتر وەك سزا لەبەرچاوی باقی بەندکراوانی دیکە و هێندێك جار لەبەر چاوی منداڵان ئەندام دراوە.

بەدەر لەوانە کۆماری ئیسلامی لە هێندێك نموونە دیکەی وەك پەروەندەی زەهرا کازمی، بە ئەشکەنجەدانی ژنان لە ڕێگەی تەجاوزەوە تۆمەتبارە. ژمارە و پڕۆسەی پەروەندەکان و شێوازی بەدواداچوونی تۆمەتی بەندکراوانی سیاسی، جار لەگەڵ جار ئاڵۆزتر دەبێتەوە.

نەرگێس محەممەدی، لە نووسراوەیەکدا کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی خەرمانان، لە وێبسایتی "کلمە" بڵاوبووەتەوە تەئکیدی کردووە کە: "تا ماوەیەك لەمەوبەر، لەم بەندەدا، ١٥ تا ٢٠ بەندکراوی ژن بووین، بەڵام لە ئێستادا ٥٦ بەندکراوی ژن تەنیا لە بەندی ئێوین داین. ئەم چالاکەی مافی مرۆڤ هەروەها دەنووسێ کە دژبە بەندکراوانی سیاسیی ژن بەردەوام یاسای سەختگیرانەتر دادەسەپێت.

سپیدە قولیان، هەڵسووڕاوی کرێکاری، کە خۆی ئێستا لە زیندانی ئێویندا بەسەر دەبات، سەبارەت بە بارووداۆخی سەهبا حەمادی، چالاکی مەدەنی سووسەنگێردی کە بە ٧ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە دەنووسێ: "یەکەم جار ئەوم لە گرتووخانەی ئەهواز بینی. ئەویان هێنایە ناو بەندەکە و پێشتر لە ژووری لێپرسینەوە، لەبەرقیان دابوو تا دان بەوە دابنێ کە بەنیاز بووە زائیرانی ئەربەعین مەسموم بکات. ئەویان پاش چەندین مانگ، زنجیرپێچ کرد و ڕوانەی ئیتیلاعاتی تارانیان کرد. ٦ مانگیش لەوێ ڕایانگرت و لەوێش لێپرسینەوەی لێکرا. چەندین جار فیلمی ئێعترافیان لێ وەرگرت، هەموو جارێ هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرد کە خۆشەویستی ژیانی، حسێن، دەکوژن. مانگی خاکەلێوەی ساڵی ٩٨ بۆ زیندانی سپیدار گوازرایەوە. لە مانگی جۆزەردانی ٩٨دا حوکمی ئێعدامی بۆ دەرکرا. مانگی خەزەڵوەری ٩٨ حوکمی ئێعدامەکەی شکا و بە ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە. حسێن، واتە هاوسەرەکەیشیان دەستبەسەر کرد و ڕوانەی زیندانی شیبانیان کرد".

ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بە زیندانی کردن و ئەشکەنجەی ژنانی سیاسی و چالاکانی مەدەنیی بوارە جۆراوجۆرەکان، بەشوین ئامانجێکی دیاری کراو، ستراتیژیك و سیستماتیکەوەیە. بەدەر لەوەیکە بەندکراوانی سیاسیی ژن لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چ خەتێکی سیاسی دەگرنە بەر و یان چ ئاراستەیەکی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی و جنسییان هەیە، ئەساسەن، بەرەو مەیدانی سیاسەت کێشرانی ژنان، موقاوەمەتی ئەوان، خەبات دژبە کلتووری پیاوەمەزن و ئایینی و نابەرابەرییەکانی کۆمەڵگا، بە هیچ شێوەیەك بۆ کۆماری ئیسلامی قەبووڵ ناکرێت. لەبەر ئەوەیکە بابەتی ڕزگاریی ژن بەشێوەی گشتی، لەگەڵ ماهییەتی وەها سیستمێکی سەرمایەسالاری ئایینی، لە ناتەباییەکی ئاشکرا دایە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە نە تەنیا چالاکانی ژنی بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکوو هەموو بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی وەك بزووتنەوەی خوێندکاری و بەتایبەت بزووتنەوەی کرێکاری، پێویستە هەموو تواناکانیان بخەنە گەڕ تا بتوانن لە ڕێگەی فەرهەنگ‌سازی و جێخستنی فەرهەنگی موقاوەمەت دژبە سیستمی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، ڕێگای ڕزگاری ژن، بە هێژمۆنیك کردنی وتاری کۆمۆنیستی، خۆش بکەن.

***



# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ڕێگری لە کەمئەندام کردنی ژنان



لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینییەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕۆژی ٦ی فێوریە بەرابەر لەگەڵ ١٨ی مانگی ڕێبەندانی، ڕۆژی جیهانیی ڕێگری لە کەم ئەندام کردنی ژنان، ناودێر کردووە. گرووپی چالاکانی بواری مافی ژن، بەکار هێنانی ووشەی "خەتەنە" بۆ ئەم کردەوەیە ڕەت دەکەنەوە و بۆ نیشان دانی پانتایی ڕاستەقینەی توندوتیژییەك کە بەسەر ژناندا دەسەپێ، ناوی "نوقسان کردنی ئەندامی جنسیی ژنان"ی لەسەر دادەنێن. نوقسان کردن یان کەم ئەندام کردنی کچان لە تەمەنی منداڵیدا، یەکێك لە دڵتەزێنترین شێوازەکانی منداڵئازارییە کە لەسەر هەموو ساڵەکانی دواتری ژیانی، کاریگەری دادەنێ. بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراو لە لایەن ڕێکخراوی "یونیسێف"ەوە، پتر لە ٢٠٠ ملیۆن ژن، لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، ئەم کردەوەیان بەسەر هاتووە و ساڵانە ٣ ملیۆن کچی دیکە، بەرەوڕووی ئەم مەترسییە دەبنەوە و تا ساڵی ٢٠٣٠ی زایینی، ٦٨ میلیۆن کەسی دیکە، مەترسیی بەسەرهاتنی ئەم کردەوەیە، هەڕەشەیان لێدەکات. ئەگەرچی بۆنیادی جەمعییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، خوازیاری بەڵێنداریی جیدیی دەوڵەتەکان بووە لە بوار سەرمایەگوزاری و بەڕێوەبردنی بەرنامە بۆ ڕاگرتن و پێشگری لە نوقسان کردنی ئەندامی جیسیی ژنان، بەڵام کۆماری ئیسلامی نە تەنیا بەم پێشنیارانە و داڕشتنی یاسای پەیوەندیدار، بایەخێك نادات، بەڵکوو تەنانەت میدیاکانی سەربە ڕژیم، بە بێدەنگی، لە پەنایەوە ڕەت دەبن. هەروەها، ڕاپۆرتەکان لە گۆشە و کەناری ئێران باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی ڕژیم، لە چالاکیی وشیاریدەرانە و فێرکاریی گرووپی خۆبەخش و مرۆڤدۆست لەم بوارەدا ڕێگری دەکەن و لە ئاست بەکردەوە دەرهێنانی ئامانجی ئینسان دۆستانەی ئەوان، بیانوو دێننەوە.

لێکۆڵینەوەی مەیدانی نیشانی دەدات کە لە ٦ ئۆستانی ئێران، واتە کوردستان، ئازەربایجانی غەربی، کرماشان، ئیلام، لۆرستان و هۆرمۆزگان، نوقسان کردنی ئەندامی جنسیی ژنان، هەروا ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە، ٨٣ سەدی ژنان لە قێشم و ٧٠ لەسەدی ژنان لە میناب، نوقسانی جنسی کراون. نزیك بە ٥٦ لەسەدی ئەو ژنانەی کە سەردانی ناوەندە تەندرووستییەکانی شارستانی ڕوانسەری کوردستانیان کردووە، ئەم کردەوەیان بەسەردا سەپاوە. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، بەشێوەی گشتی، بەرئاورد کراوە کە نزیك بە ٧٠ لەسەدی خەتەنەی ژنان لەم ٦ ئۆستانەدا ئەنجام دەدرێت. ئەگەرچی سوننەتی خەتەنەی ژنان لە ئێران، ئەساسەن لەناو خەڵکی سوننی مەزهەبدا باوە، بەڵام هەر ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دەدات کە هێندێك لە ژنانی شیعە کە لە نزیك ناوچە سوننی نشینەکان دەژین، دەست دەدەنە خەتەنە کردنی کچان و ئەوەش لە حاڵێك دایە کە لە ڕابردوودا ژنانی کوردی بەشێك لە کرماشان و ئیلام، کچەکانیان خەتەنە دەکرد. لە هێندێك لە بنەماڵە موتەعەسیبە مەزهەبییەکان، "خەتەنە کردنی کچان" وەك فەڕزێکی دینی چاو لێدەکەن، و هەر بۆیە کچان لە تەمەنی ٤ تا ٦ ساڵی، بەدەستی ژنانی ناشارەزا بە ئامرازی ناتەندرووست دەسپێرن تا ئەندامی هەستیاری جنسیی ئەوان قەتع بکەن و بە گومانی خۆیان، کچەکەیان لە داهاتوودا لە "بەلاڕێداچوونی جنسی و چێژ" دوور بخەنەوە و بە هاوسەرەکەی وەفادار بمێنێتەوە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، خەتەنەی ژنان تەوەرێکە کە بە ئایینی سوننیەوە پەیوەندیی هەیە و هەربۆیە هەتا ئێستا دەوڵەتی ناوەندیی شیعەی ئێران، کردەوەیەکی لە پێناو هەڵچنینی ئەم سوننەتەدا ئەنجام نەداوە.

خەتەنە کردنی ژنان، دواهاتی دڵتەزێنی درێژماوە و پایدار، لەسەر ژنان دادەنێ. توانای جنسی دێنێتە خوارێ و ژان و گوشاری عەسەبی، کێشەی دەروونی، سترێس و تێکچوونی چالاکیی ئەندامی جنسی و ئیدراری و هەروەها زیان گەیشتن بە باقیی ئۆرگانەکانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. ڕوو بەو بنەماڵانە کە وەها ستەمێك دەرحەق منداڵەکانیان ئەنجام دەدەن پێویستە بوترێ کە لە ڕوانگەی بایەخدان بە تەندرووستی و سلامەتی منداڵانەوە، عەقڵ و زانست حوکم دەکات کە لە سوننەت و نەریتی زیانباری سەرچاوەگرتوو لە ئایین و دواکەوتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی، دووری بکرێت. پێویستە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی منداڵ و مافیی ئینسان و دووری کردن لە پێشێل کردنی مافی ژن و بە پشت بەستن بە مەدەنییەت و شعوور، بیۆلۆژیکی کاملی ژنان، بە چاوی حەقیقەتەوە چاوی لێبکرێت و لەژێر کاریگەریی بیر و سوننەتی خورافییدا، مرۆڤەکانی داهاتوو لە بوار دەروونی و جەستەییەوە ئازار نەدرێن و کەم ئەندام نەکرێن.

سەرەڕای مانەوەی ئەم سوننەتە نامرۆڤانەیە لە هێندێك لە ناوچەکانی ئێران، بەخۆشییەوە، ئەمڕۆ، زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، بەهۆی کردەوەی کۆماری ئیسلامی و ناسینی قووڵتری فەرمان و حوکمە دینییەکان، تەسلیمی ئیدێئۆلۆژیی حکوومەت نەبوون و لە زۆرێك لە بەند و بەستە ئایینیەکان تێپەڕیون و لەوانە، کچانی خۆیان ئازار نادەن. چوونەسەرەوەی ئاستی وشیاری و ئاشنا بوون لەگەڵ دونیای مۆدێرن، گۆڕانکارییەکی بەرینی لە ڕوانگەی خەڵك بەنیسبەت خەتەنەی ژنان خوڵقاندووە و هەڵسووکەوتی ئەوانی یەکجار گۆڕیوە، بەڵام هەر لەم ئاستەشیدا، باوبوونی ئەم سوننەتە، ئازاردەر و دڵتەزێنە. پێویستە ئەم سوننەتە کۆنەپەرستانەیە بەیەکجاری بە مێژوو بسپێردرێ و ژیانی مرۆڤ لە سوننەت و نەریتی دواکەوتووانە و خورافی، کە لە حەرەکەتی پێشڕەوانە بەرەو دونیایەکی باشتر و پێشکەوتووتر، ڕێگری دەکات، دابڕێ.

***

پێشـــڕەو

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیدیتۆر:
ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania_Zrguez

Tel:
009647701567854
009647710259353

E-mail:
Peshraw@komalah.org

Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە کوردستانی عێراق

Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە دەرەوەی وڵات

Tel/Fax: +46-18-46 84 93

E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە

Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8

Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیوکان:

بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران ارادیو کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاە ست بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٥-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ی ١٣٩٩-فێڤریێ ٢٠٢٠

# جەنایەتێک، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، بۆ جارێکی دیکە، تەوەری "سیاسەتی بردنەسەرەوەی جەمعییەت"، کە بەردەوام لە لایەن خامنەییەوە تەئکیدی لەسەر کراوە، کێشرایە ناو لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانەوە. ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی مانگی بەفرانبار، "کۆبرا خەزعەلی"، سەرۆکی "شۆرای فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی ژنان"، ڕایگەیاند کە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، یاسای "غەربالگەریی ئیجباریی زایمان" هەڵدەوەشێنێتەوە. "غەربالگەریی زایمان" بە کۆمەڵێک تێستی خوێن و سۆنۆگرافی دەوترێ، کە لەو ڕێگەوە، دایک و باوک، پێشتر، لە سڵامەتی کۆرپەڵەکەیان پێش لە دایک بوون ئاگادار دەکرێنەوە. لە ڕێگەی ئەم تێستانەوە، دەکرێ بەربە لەدایک بوونی منداڵانی کەم‌ئەندام و نوقسانی زگماکی بگیرێت. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە، سەرەڕای ئەوەی ئەم یاسایە هێشتا بەکردەوەش دەرنەهاتووە، بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران،ساڵانە لانیکەم ٣٥ هەزار منداڵی کەم‌ئەندام لە ئێران لە دایك دەبێت. هەربۆیە، لەئێستاوە دەتوانین بەوە بگەین کە ئەگەر وەها سیاسەتێك بەکردەوە دەربێت، کۆمەڵگا لەگەڵ چ کارەساتێك بەرەوڕوو دەبێتەوە.

"غەربالگەریی زایمان" سیاسەتێکە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا باوە و بەڕێوەدەچێت. لە حاڵێکدا کە لە هەموو جیهان هەوڵ دەدرێ کە تێستەکانی غەربالگەری، بەخۆڕایی ئەنجام بدرێت و چالاکیی فێرکاری و هاندەرانە لەم بوارەدا بۆ دایکان بخرێتە دەستووری کارەوە، لە ئێران بەنیازن ئەم سیاسەتە بسڕنەوە. لە وڵاتێکدا کە هاوسەرگیریی منداڵان ڕێگەپێدراوە، لە وڵاتێکدا کە هاوسەرگیریی فامیلی باوە، لە وڵاتێك کە بەدخۆراکی و لەخواریٚ بوونی ئاستی تەندرووستی و دەیان ئازاری کۆمەڵایەتیی دیکە، ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی کۆرپەڵەی ناو زگی دایك کاریگەری دادەنێ و ئاکامەکەی دەیان جۆر زیان و نوقسانی زگماکییە، ڕێگری کردن لە "غەربالگەری"، جەنایەتێکە وەك هەموو ئەو جەنایەتانەی دیکە، کە کۆماری ئیسلامی خەریکە ئەنجامیان دەدات.

بەڵام هەوڵی مەجلیسی ئیسلامی بۆ ڕێگری کردن لە "غەربالگەریی زایمان"، هەوڵێکی لەناکاو نییە. پەیگریی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرمانانەی کە عەلی خامنەیی، لە پێوەند لەگەڵ پێویستیی دوو بەرابەر بوونی جەمعییەتی ئێران، دەری کردوون. ئەو فەرمانانە هەرچەند مانگ جارێك لە لایەن ناوبراوەوە تەئکیدیان لەسەر دەکرێتەوە. بەدوای فەرمانەکانی خامنەیی بوو کە دەستبەجێ مەجلیس و "شۆرای باڵای فەرهەنگی"، چەندین ماددەیان پەسند کرد تا بنەماڵەکان بەرەو هەبوونی منداڵی زیاتر هان بدەن. وەزارەتی بێهداشت، هەمووجۆرە خزمەتگوزارییەکی لەپێناو کۆنتڕۆڵ کردنی جەمعییەت و ڕێگری کردن لە دوو گیان بوون، ڕاگرت. کاڵاکانی ڕێگری کردن لە دووگیان بوونیان لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا سنووردار کرد. لە بەرامبەردا دەستیان دایە تەبلیغاتی هاندەرانەی بەرین بۆ منداڵ‌دار بوون. زیاد کردنی قۆناغی مەرەخەسی زایمان بۆ دایکان و لەبەرچاوگرتنی مەرەخەسی دوو حەفتەیی بۆ باوکان، خۆڕایی کردنی زایمانی سرووشتی لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکان، بە تاوان لەقەڵەم دانی لەبار بردنی کۆرپەڵە، لە زومرەی ئەو هەوڵانە بوون.

ئەگەرچی سەرانی ڕژیم شعووری کۆمەڵایەتیی خەڵکیان بەکەم دانا. بەڵام خەڵك بەئاسانی تەسلیمی ئەم سیاسەتە نەبوون. هەوڵەکانی ڕژیم لە لایەن خەڵکەوە بایەخیان پێنەدرا. پەرەسەندنی جەمعییەت لە ئێران بۆ یەکەمین جار گەیشتە ژێر یەك لەسەد. ئاکامی هەموو ئەم هەوڵە دژەمرۆییانە نەتەنیا چوونەسەرەوەی جەمعییەتی دڵخوازی خامنەیی لێنەکەوتەوە، بەڵکوو لەبار بردنی شاراوەی کۆرپەڵە، بەهۆی بارووداۆخی ناسالم، گیانی زۆرێك لە دایکانی خستە مەترسییەوە. ئامارەکان نیشانیان داوە کە هەرچی عەلی خامنەیی زیاتر لەسەر منداڵ‌دار بوون تەئکیدی کردووە و دەوڵەتی بەرەو ئەنجامدانی هەوڵی خێرا بردووە، خەڵکی ئێران، کەمتر خۆیان خستووەتە بارووداۆخی دڵخوازی ئەوەوە.

لە حاڵێکدا کە نیزامی چینایەتیی پیاوسالار و ڕژیمی ئیسلامیی دەسەڵاتدار، هەوڵ دەدات کە مافی سەرەتایی و ئینسانیی ژن بەرامبەر بە جەستەی خۆی، لێ زەوت کات، ژنانی ئێران، لەوە زیاتر، پێشێل کرانی ئەم مافەیان بۆ تەحەمول ناکرێت و هەروەك چۆن حیجاب و پۆششی ئیجباری وەلا دەنێن، لە بەرامبەر زەوت کردنی مافی منداڵ‌دار بوونیشدا، موقاوەمەت دەکەن.

بەڵام بەداخەوە، دووکەڵی ئەم سیاسەتە بەئاشکرا دژەژنە، پتر لە هەمووان، دەچێتە چاوی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری کۆمەڵگاوە. هەژاریی بەرین و بێسنوور، لەخوارێ بوونی ئاستی تەندرووستی و دەرمان، بەکارهێنانی دەرمانی ناستاندارد بۆ ڕێگری کردن لە دووگیان بوونی نەخوازراو، لەبار بردنی ناسالم و مەترسیداری کۆرپەڵە، موقاوەمەت کردن لەم بوارەی بۆ ژنانی زەحمەتکێش، پڕ لە ژان و تاقەتپڕووکێن کردووە. هەر بۆیە پێداگریی کۆماری ئسیلامی لەسەر ئەم سیاسەتە، کە بەئاشکرا ئاکامی پێچەوانەشی بووە، جەنایەتێکی دیکەیە لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا، کە لەدژی ژنانی ئێران بەڕێوەدەچێ.

***

# کایە کردن بە گیانی مرۆڤ لە کێبەرکێی نێوان شیرکەتەکان



ڕۆژی چوارشەممەی حەفتەی ڕابردوو، "فابین روسل"، بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە بەرپرسانی پلە بەرزی ئەم حیزبە، لە بەرامبەر مەقەڕی شیرکەتی دەرمانسازیی فایزێر، لە پاریس دەستیان دایە کۆبوونەوە و داوایان لە بەڕێوەبەرانی ئەم شیرکەتە کرد کە بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە چنگ ویرووسی کوشندەی کۆرۆنا، فۆرمولی واکسێنی کۆویدی ١٩ و تێکنۆلۆژیی درووست کردنەکەی بخەنە ئیختیار شیرکەتە دەرمانسازییەکانی دیکەی جیهانەوە. ئەم باسانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی بوو. بە وتەی ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، "قەرار نییە، لە سەردەمێکدا کە جیهان لەگەڵ قەیرانێکی گشتگیر و بێ وێنە، بەرەوڕوو بووەتەوە و نزیك بە دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە، شیرکەتەکانی بەرهەمهێنەری دەرمان، هەروا بیر لە بەرژەوەند و قازانجی خۆیان بکەنەوە".

لە ڕاستیدا ئەگەر تەنیا یەك نموونە بۆ سەلماندنی نامرۆڤانە بوون و پرتووکاوبوونی نیزامی سەرمایەداری لەم سەردەمەدا پێویست بێت، ئەوە شێوازی هەڵسووکەوتی ئەم نیزامەیە لە بەرهەمهێنانی واکسێنی کۆرۆنادا. ئەو شیرکەتانەی کە فۆرمولی واکسێنی ئەم نەخۆشییەیان دیتووەتەوە، گیانی خەڵکی جیهانیان، بۆ وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر، بە بارمتە گرتووە. ئەگەر ئامانجی بەرهەمهێنانی ئەم واکسێنە، نەك وەدەستهێنانی سوود بەڵکوو ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە چنگ ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بوایە، ئەوکات جیهان لەگەڵ کێشەی بەرهەمهێنانی واکسێن بەرەوڕوو نەدەبۆوە و بە خێرایی و بە شێوەی پێویست بەرهەم دەهات. ئێستا کە دەوڵەتەکان ناچار بوون واکسێن بەخۆڕایی بخەنە ئیختیار خەڵکەوە، تەنیا هەر ئەوەندە بەس بوو کە بۆ نموونە شیرکەتە دەرمان سازییەکان، فۆرمولی بەرهەمهێنانی واکسێنەکەیان وێڕای تێکنۆلۆژیی پێویست، خستبایە ئیختیار دەوڵەتەکانەوە و ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیش چاوەدێری چۆنییەتیی بەرهەمهێنان بوایە، تا هەموان بە شێوەی پێوسیت دەستیان بەم دەرمانە ڕاگەیشتبایە. بەڵام ئەوە ڕوو نادات، لەبەر ئەوەیکە، بنەمای سەرەکیی مانەوەی ئەم نیزامە، واتە بەرهەمهێنان، بە ئامانجی وەدەستهێنانی قازانجە نەك چارەسەرکردنی پێداویستیی ئینسانەکان. ئەوان ڕەمز و ڕازی وەدەستخراوەکانیان، بە توندترین شێوازی ئەمنی لە ڕقیبەکانیان دەشارنەوە. لەبەر ئەوەیکە بە پێی یاسای کێبەرکێی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، شیرکەتەکانی بەرهەمهێنەری دەرمان، مافی خۆیانە کە لانیکەم تا ٢٠ ساڵ، فۆرمولی بەرهەمەکانی خۆیان نهێنی بهێڵنەوە. ئەوان هەر بەوەندە ڕازی نەبوون و کێبەرکێیەکی بێبەزەیانەیان لەسەر گیانی مرۆڤەکان خسووەتە ڕێ. لە حاڵێك دا کە پتر لە ٢٦ ملیۆن مرۆڤ لە ئاستی جیهاندا تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، لە پشت پەردەدا، لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم واکسێنە و وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر، هەراوهۆریایەکی بەرین لە ئارا دایە. دەزگا تەبلیغاتییەکان دەکەونە کار تا ئاکامی تاقیکردنەوەکانی یەکتر بێ ئیعتبار بکەن. لە کێبەکێی درووست کردنی واکسێنی کۆرۆنادا، شەڕی زانیارییان خستووە ڕێ و هەوڵ دەدەن لە شیرکەتەکانی تێکنۆلۆژی و زانکۆکان، زانیاری بدزن. سیرویسی زانیاریی ئەمریکا و بریتانیا ئیدیعای ئەوە دەکەن کە شوێنی چەندین چالاکییان گرتووە کە نیشانی دەدات هێندێك وڵات بەنیازن لەئاست لێکۆڵینەوەکانی کۆویدی ١٩، سیخوڕی ئەنجام بدەن. ویرووسی کۆویدی ١٩، هەتا ئێستا، جەستەی پتر لە ٢٦ ملیۆن مرۆڤی لە سەرتاسەری جیهان داگرتووە. بەڵام هەزاران بواری جۆراوجۆری بەرهەمهێنان، تەماع و قازانجپەرەستیی ئەم شیرکەتانە پڕ ناکاتەوە ، بەڵکوو لێرەشدا دەبێ کایە بە گیانی ئینسانەکان بکەن تا لە ڕەقبەکانیان جێ نەمێنن.

مەگەر نەدەکرا لە ناو هەموو ئەو دەرفەتانەی کە بۆ پارە وەسەر یەکنان، بۆیان هەڵدەکەوێ، تەنیا لە یەك نموونەدا، گیانی مرۆڤەکان بە بارمتە نەگرن. ئەو مرۆڤانەی کە تەنانەت خودی ئەم نیزامە بۆ چەوساندنەوەیان، پێویستی بە تەندرووستییانە.

ئەم بارووداۆخە بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە مرۆڤایەتی تا چ ڕادەیەك پێویستی بە سۆسیالیسمە وەك ئالتێرناتیڤێکی ڕزگاری‌بەخش لە چنگ هەموو نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەدرای. لەم نیزامەدا، زانست و تێکنۆلۆژی، دیلی ڕەقابەت و کێبەرکێیە. هەر بۆیە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی واکسێنی کۆرۆنادا، دەبینین کە چلۆن، ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری دەرمان، ئاکامی لێکۆڵینەوە زانستیەکان، لە یەکتر دەشارنە و یان لە یەکتری دەدزن. بە نەمانی ئەم سیستمە، ئاستی بەرهەمی کار و لێکۆڵینەوەی زانستی بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر، دەڕواتە سەرێ. سۆسیالیسم، دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك، ژیانی خۆشبژێو و شیاوی مرۆڤ، دەکاتە ئامانجی بەرهەمهێنان و گشت خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی مرۆڤ، لە ئاستێکی بەریندا بەرهەم دێت و گشت پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ دابین دەکات. لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی‌دا، مرۆڤەکان لە ئیمکانی یەکسان و فراوان بۆ گەشەی توانا کەسییەکانیان بەهرەمەندن و هەموو ئەم تواناییانە لە بانترین دەپشکوێن. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ئازادی و ڕێفاهی هەر مرۆڤێك، مەرجی ئازادی و ڕێفاهی هەمووان دەبێت و گشت مرۆڤەکان هەنگاو دەنێنە ناو بارووداۆخێکی بەڕاستی ئینسانییەوە.

***

# ئایین و ڕۆڵی سیاسیی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا




ئایین لە کۆمەڵگای چینایەتیی ئەمڕۆدا، لە هەمان حاڵدا کە بیروباوەڕی جەماوەری بەرینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش پێکدێنێ، ئامرازێکە لە دەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکان، تا لەو ڕێگەوە، لە خەباتی جەماوەری خەڵك بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان لەم جیهانە، ڕێگری بکەن. ئایین نە تەنیا لە سەردەمی نیزامی سەرمایەداریدا بەڵکوو بە درێژایی مێژوو، ڕەنگدانەوەی بێهیوایی و بێتوانایی جەماوەری خەڵك بووە لە بەرامبەر کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیانیان.

مرۆڤێك کە دیلی پەیوەندی زاڵمانەی نیزامی سەرمایەدارییە و بە تەنیا ناتوانێ بارودۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێ و لە بەرامبەر ڕەنج و ئازارێك کە خۆی و بنەماڵەکەی تێیدا گرفتار بووە، هیچ کارێکی لەدەست نایە، کاتێك کە خۆی لاواز و بێ دەسەڵات دەبینێ، بە ناچار ڕوو لە ئاسمان دەکات، بەو هیوایەی کە هێزێکی بەتواناتر پەیدا بێت و ڕزگاری بکات. کاتێك لە دنیای واقیعدا هیچ هومێدێك بۆ گەیشتن بە ئاواتەکان نامێنێتەوە، ئاواتەخوازی ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی، لەپاش مردنی، زیندوو بێتەوە. بەمجۆرە، بە ئاواتی گەیشتن بە خۆشبژێوی و بەختەوەری لە دنیای خەیاڵیی پاش مەرگیدا، ڕەنج و ئازاری دنیای واقعی تەحەمول دەکات.

دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی، لە گۆشە و کەناری جیهان، بە پێی پێگەیەی خۆیان و ئاستی خەباتی کرێکاران و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە سێ ڕێگاوە دەسەڵاتی خۆیان درێژە پێدەدەن. یەکەم، لە ڕێگەی سەرکوتی ڕاستەوخۆ و پێشێلکردنی ئازادی و مافی خەڵك، کە لە وڵاتانێك وەکوو ئێران لەگەڵ پانتاکەی ئاشنایین. دووهەم، بەیاسا دەرهێنانی سەرکوت، واتە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە پارلەمانە بورژواییەکاندا لە دیفاع لە خاوەندارێتیی سەرمایەداران و دژبە مافی کرێکاران پەسند دەکرێن و لە نەزمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، هەمووان ناچار دەکەن کە پەیڕەویی لێبکەن. سێهەم، دەروونی کردنی سەرکوت، واتە مرۆڤەکان دەخەنە پێگەیەکەوە کە هەژاری و بێ مافی خۆیان، تاقیکردنەوەی ئیلاهی پێناسە بکەن و بە هیوای بەهەشتی بەرین، ملکەچی بارودۆخی فەلاکەتباری ئێستایان دەبن. ئایین، سەرکوتێکی مەعنەوییە کە لەسەر شانی جەماوەری خەڵك، قورسایی دەکات. ئایین گشت ئەوانەی کە هەموو تەمەنیان زەحمەتیان کێشاوە و لە هەژاریدا ژیاون فێریان دەکات کە تا کاتێك لەو دنیایەدا دەژین، تەسلیم و سەبوور بن و بە هیوای گەیشتن بە پاداشە بەهەشتییەکان، ئارام بگرن. ئایین جۆرێك ماددەی هۆشبەری مەعنەوییە کە تێیدا کۆیلەکانی سەرمایە، دەست لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی شیاوی ئینسان، دەکێشنەوە.

ڕزگاری مرۆڤی کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم وەهم و خورافەیە، ئەگەرچی بە ڕووناکبیری و لێکدانەوەی زانستیی جیهان، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، دێتە دی، بەڵام ئەم ڕزگارییە، لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا، تەنیا کاتێك دێتە دی کە بارودۆخی ژیانی مرۆڤەکان بگۆڕێ و ئەو هێزە سرووشتی و کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ لە ترسانی پەنای بردووە بۆ وەهم و خورافە و ئایین، بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشڕەو و ڕزگاری بەخشی کۆمەڵگا، کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکاری وشیار. بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار، کە بێگومان شۆڕشێکی وشیارانەیە، ڕێگای ڕزگار بوونی مرۆڤ، لە زیندانێك کە توانای ئاڵوگۆڕبەخشی بەند کردووە، خۆش دەکرێت.

بەڵام ٣ ئامرازی سەرەکی کە دەبنە هۆی زاڵ بوونی ئایین بەسەر بیر و زەینی جەماوەری هەژار و بێبەشی کۆمەڵگا، بریتین لە: یەکەم، بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی ماڵی و تەبلیغاتییەك کە دەوڵەتەکان دەیخەنە ئیختیار پەرەپێدەران و بونگا ئایینییەکان. دووهەم، دەخاڵەت دانی یاسای شەرعی و باوەڕی ئایینی لە ئیدارە کردنی کاروباری دەوڵەت. سێهەم، ڕاهێنانی ئایینی لە مەدرەسەکان.

جیایی مەزهەب لە دەوڵەت، بە مانای هەڵوەشاندنەوەی هەمووجۆر هەڵاواردنێکە لە ئاست پیشە دەوڵەتییەکان و مافی ئینسانەکان، بە پێی باوەڕمەند بوون و بێ ئاوەڕییان بە ئایین. واتە ڕێگری لە تەرخان کردنی هەموو جۆر یارمەتییەکی ماڵی و غەیرە ماڵیی دەوڵەت بە ناوەندە ئایینییەکان و چالاکییەکان، مەوادی دەرسی و نەریتی ئایینی لە مەدرەسە و دامەزراوە ئامووزشییە دەوڵەتیەکان، واتە هیچ ئایینێك بە ئایینی ڕەسمی نەناسرێت. ئایین بابەتی خسووسیی کەسەکان پێناسە بکرێت و هەمووان لە باوەڕمەند بوون و بێ باوەڕی بە ئایین ئازاد بن.

خواستی "جیایی مەزهەب لە دەوڵەت" درووشمێکە کە سەرەڕای نیشان دانی دژایەتیی ئێمە لەگەڵ ئایین، وەك بابەتێکی دەوڵەتی، بەڵێنداریمان بەنیسبەت ئەسڵی ئازادیی بێ‌شەرت و مەرجی بیر و بۆچوون نیشان دەدات. واتە تیشك دەخاتە سەر ئەم ئەسڵە، کە دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی سۆسیالیستیی دواڕۆژ، دژبە جەبر و زۆر، و پشکنینی بیروباوەڕ و هەڵاواردن و بەربەستی یاساییە دژبە کەسە ئایینییەکان و لەپێناو ڕەخنە گرتن و پەراوێز خستنی بیروبۆچوونی ئایینی لە کۆمەڵگادا، هیچ شێوازێك بێجگەلە خەباتی تێئۆریك و ڕووناکبیرانە و ڕاهێنان و بە قەناعەت گەیاندن، ڕێگەپێدراو نییە.

ئێمە ئایین بەدەر لەوەیکە لە دەوڵەت سەربەخۆ بێت یان نەبێت، بە ئەفیونی جەماوەر و ئامرازی دواکەوتنیان دەزانین و ئەگەر خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەتین، ڕێك بەو هۆکاریە کە دەمانهەوێ گشت شێواز و یاسای پەرەپێدەری دەوڵەتیی ئەم ئەفیونە لە کۆمەڵگادا، بە یەکجاری هەڵوەشێتەوە.

ئێمە لە خەبات لەدژی ئایین، هەرگیز بێڕێزی بە بیروباوەڕی خەڵك ناکەین، کاری ئێمە ڕووناکبیری و شیکردنەوەی بەحەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوون کردنەوەی بەهەڵگەی جیهانبینیی کۆمۆنیستییە لە قەباڵ دیاردەی ئایینەدا. چالاکیی و خەبات ئێمە دژبە ئایین، نە تەنیا نابێ ڕیزی هاوپشتیی خەباتکارانەی چینی کرێکار دژبە سەرمایەداران لاواز بکات، بەڵکوو پێویستە ئەم ڕیزە چینایەتییە، بەهێزتر بکات.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 415- Feb 2021
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ڕەشبگیری چالاکانی مەدنی لە کوردستان



لە ماوەی دوو حەفتەی ڕابردوودا، شەپۆلێك لە دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان، لاوان و چالاکانی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە وەڕێکەوتووە. ئەم دەستبەسەر کردنانە کە لە ڕۆژی ٢٠ی مانگی بەفرانبارەوە دەستی پێکردووە، هەروا درێژەی هەیە. ژمارەی دەستبەسەرکراوان بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە و ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە تا کۆتایی ڕۆژی دوێنێ، ژمارەیان گەیشتووەتە ١٠٠ کەس. دەستبەسەرکراوان لە زیندانەکانی ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە شارەکانی مەریوان، سنە و ورمێ بەدیل گیراون. دەستبەسەرکردنەکان تێکەڵ بە توندوتیژی و بێ ڕێزییەوە ئەنجام دراون و کەرەستەی شەخسیی کەسەکان لەوانە لەپتاپ و مۆبایل و هیتر بە تالان بردراون. بەرپرسانی ڕژیم هەتا ئێستا باسیان لە هۆکاری دەستبەسەر کردن و شوێنی ڕاگرتنی کەسانی دەستبەسەرکراو، نەکردووە. بنەماڵەکان لە چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنی ئازێزانیان ئاگادار نین. دەستبەسەرکراوان، دانیشتووی شارەکانی مەهاباد، بۆکان، مەریوان، سنە، ڕەبەت، سەردەشت، سەولاوا، پیرانشار و نەغەدە بوون. ناوی هێندێك لەو دەستبەسەرکراوانە بریتین لە:

دەریا تاڵەبانی، شەپۆل خزری، سۆران حسێنزادە، سالا رهەوی، ئەفشین مام ئەحمەدی، سیروان نووری، ئیمان عەبدی، فەرزاد سامانی، سۆران محەممەدی، ئەمیر بایزیدئازەر، ئەسرین محەممەدی، زانیار مۆعتەمێدی، کاروان مینوویی، دانا سەمەدی، سیروان کەریمزادە، جەبار پیرووزی، سۆهەیب بادروج، عادڵ پەروازە، فەرامەرز، عەبدوڵڵا حاجی ئەحمەدی، پەیمان حاجی ئەحمەدی، گەلاوێژ عەبدوڵڵاهی، ڕەحمان دەریازی ئیبراهیمی، سیامەك ئەدوایی، ئەکرەم ئەدوایی، عەزیمە ناسری، حسێن گەردشی، محەممەد حاجی ڕەسووڵپوور، قادر ڕەسووڵپوور، کەریم خەلیفانی، حسامەدین خزری، ڕەسووڵ لاوازە، ئۆمید سەلیمی، ڕەحیم سەلیمی، ئاسۆ محەممەدی، بەهمەن یوسفزادە، فەرەیدوون مووساپوور، فەرهاد مووساپوور، ئارام یووسفی، تالب ڕەیحانی و ڕەشید ڕەیحانی.

ئەم هەواڵانەی ڕژیم هاوکاتە لەگەڵ توند کردنەوەی گوشار لە زیندانەکان بۆسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی، دەرکردنی حوکمی درێژماوە بۆ دەستبەسەرکراوانی سیاسی لە بێدادگاکانی ڕژیم. هەروەها لەماوەی مانگی بەفرانباری ڕابردوودا، ٣٣ کەس لە بەندکراوانی سیاسی و مەحکوومکراوانی دادگا ئاساییەکان، ئێعدام کراون. ئەم ئامارانە لە حاڵێکدا بڵاو دەبێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوان، لە زیندانە دوورکەوتوو و نەناسراوەکاندا بەشێوەی شاراوە ئێعدام دەکرێن و کەسیش لێیان ئاگادار نییە.

سەبارەت بە شەپۆلی دەسبەسەر کردنەکانی کوردستان، ڕژیم و چاپەمەنی و سایتەکانی سەر بەو، بێدەنگییان گرتووەتە بەر و لە دانی هەرجۆرە زانیاریەك خۆدەبوێرن. بەڵام لە ڕاستیدا، هۆکاری ئەم دەستبەسەرکردنانە لە کوردستان، بەدەر لە هەر سێناریۆیەك کە ڕژیم خەریکی هەڵبەستنێتی، هەوڵێکی پێشگرانەیە لە بەرامبەر مەترسیی وەڕێکەوتنی شەپۆلی ئێعتراز و نارەزایەتیی خەڵك، واتە مەترسییەك بۆ ڕژیم کە بەڕێوەیە. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە کوردستان بەهۆکاری جۆراوجۆر، یەکێك لە ناوەندەکانی هەڵچوونی ڕق و نەفرەتی جەماوەری نارازی دەبێت و ئەم ڕق و نەفرەتە، ڕێکدەخرێت. هەربۆیە، بەخەیاڵی خۆی بەتەمایە، دەستی وەپێش بخات. ڕژیم دەڕواتە سۆراغی لاوانی پڕگروتین، چالاکانی مەدەنی و کەسایەتییە ناسراوەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هاووڵاتییانی ئاسایی و بە بیانووی بێبنەما، دەستبەسەریان دەکات.

تا لەم ڕێگەوە کەش و هەوای ترس و بێدەنگی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. کۆماری ئیسلامی پڕۆژەیەکی شکستخواردوویە. ئەم ڕژیمە بەخاتری جەنایاتی ٤٢ ساڵەی، بەهۆی بەرەو دواوە بردنی کۆمەڵگای ئێران و بەهۆی توند کردنەوەی کارەساتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بێکاری، هەژاری، ئێعتیاد و دەیان ئازاری کۆمەڵایەتیی دیکە، کەوتووەتە بەر نەفرەتی سووتێنەری جەماوەری خەڵك. وەها ڕژیمێك، بەو ڕادەیە لە قەیرانی ئابووری و سیاسی، بەزەبری سەرکوت و کوشتار نەبێ، ئیمکانی مانەوەی نییە.

خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە کوردستان، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، سەرەڕای هەڕەشە و ڕەشبگیرییەکان، ڕەوتێکی ڕوو لە گەشەی بووە و هەر ئەم ڕاستییەش، ڕژیمی، هەر لە ئێستاوە نیگەران کردووە. کۆماری ئیسلامی کە لە سێبەری خۆشی دەترسێ، خۆی باش دەزانێ کە لە چ ئەنگەمەیەك لە قەیرانی سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی و گوشاری دەرەکیدا، گرفتار بووە. ئەم ڕژیمە لە تووڕەیی پنگخواردووی خەڵك ئاگادارە و دەزانێ کە چلۆن کاردی گەیاندووەتە سەر ئێسقانی خەڵك. لەگەڵ دامرکانی قەیرانی کۆرۆنا، ڕژیم چاوەڕوانی هەڵچوونی ئەم تووڕەییە دەکات، هەربۆیە لەڕێگەی توندکردنەوەی کەش و هەوای ئەمنییەتیەوە هەوڵ دەدات، ئەم ڕووداوە وەدوا بخات. بەڵام ئەم هەوڵانە ئیتر بێ فایدەن. ئەمڕۆ لە پەنا مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری بۆ خواستی ڕۆژانە، لە سەرتاسەری ئێران، هەڵسووڕاوانی کرێکاری، خوێندکاران و ژنانی خەباتکار، ڕووناکبیران و هونەرمەندانی پێشڕەو، پارێزەرانی دادگوستەری و چالاکانی ژینگەپارێز، بوێرانە و بەئاشکرا، لە بەرامبەر ئەم ڕژیمە دڕندەیەدا، سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغان و ئازاری دەستبەسەری، زیندان و ئەشکەنجە بەگیان دەکڕن، بەڵام لەپێ ناکەون.

کۆماری ئیسلامی بە بێهۆ هەوڵ دەدات بەم هەوڵانەی، کۆمەڵگای وەخەبەرهاتووی ئێران خامۆش بکات.

بەڵام ئەوەیکە لەم دەورەیەدا گرینگە، ئەوەیە کە بە شێوەی دیاریکراو، پێویستە بەر لە پەرەگرتنی ئەم شەپۆلە بگیرێت و هاوکات یارمەتیدەری لاوانی بەندکراو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بین. نابێ ڕێگە بدرێ، ئەو مرۆڤانەی کە بەخاتری چالاکیی مەدەنی، بەخاتری دیفاع لە بیروباوەڕەکانیان، بەخاتری ناڕەزایەتی دژبە نایەکسانی و هەڵاواردن، یان تەنانەت بە بێهۆ و تەنیا بەخاتری چاوترسێن کردنی کەسانی دیکە، کەوتوونەتە زیندان، هەست بە تەنیایی بکەن. دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵك لە دەرەوەی زیندانەکان، توانای موقاومەت و ئیرادەی بەندکراوانی سیاسی لە پشت میلەکانی زیندان، سەد هێندە دەکات. پێویستە خواستی ئازادیی دەستبەجێی هەموو دەستبەسەرکراوانی ڕۆژانی ڕابردوو و ئازادیی گشت بەندکراوانی سیاسی، ببێتە خواستێکی جەماوەری. لەم ڕۆژانەدا، بەتایبەت، پێویستە بنەماڵەی دەستبەسەر کراوان بەتەنیا نەهێڵینەوە. لە ناڕەزایەتییەکانیان بەنیسبەت دەسبەسەر کردن و لە هەوڵەکانیاندا بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لە چارەنووسی ئازیزانیان، شەریك بین. لە دەرەوەی وڵاتیش پێویستە بە ئەنجام دانی ئەو چالاکییانەی کە لە بارووددۆخی کۆرۆنادا دەگونجێ، کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی دەستبەجێی دەستبەسەرکراوان، بخەینە ژێر گوشارەوە. ڕەوتە سیاسیە پێشکەوتووخوازەکان، یەکیەتییە کرێکارییەکان، کەسایەتییە خۆشناوە نێونەتەوەییەکان، چالاکانی مافی مرۆڤ، دەتوانن لە ڕێگەی کەمپەینێکی ڕێکخراوەوە، لە دەرەوەی وڵات، هاوڕێمان بن.

***

